سەرۆك کەمار بانگهێشتنامەیەکی لە سەرکی جەزائیرەوە پێگەیشت بە بەشداریکردن لە حەوتەمین لوتکەی سەرۆك و حکومەتەکانی کەبەندی وڵاتانی هەنارد‌ەکاری گاز

ئەمڕۆ یەکشەممە"لەتیف جەمال ڕەشید " سەرۆك کەمار ، بانگهێشتنامەیەکی لە عەبدولمەجید تەبون سەرکی جەزائیرەوە پێگەیشت کە تایبەتە بە بەشداریکردن لە حەوتەمین لوتکەی سەرۆك و حکومەتەکانی کەبەندی وڵاتانی هەنارد‌ەکاری گاز.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک کەمار لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:- ئەمڕۆ یەکشەممە لە کۆشکی بەغداد، سەرۆك کەمار پێشوازی لە" محەمەد عەرقاب " وەزیری وزە و کانزاکان و نەردراوی سەرکی جەزائیر کرد.

بەپێی بەیاننامەکە:- لە سەرەتای دیدارەکەدا محەمەد عەرقاب سڵاو و ڕێزی سەرکی جەزائیری بە" لەتیف جەمال ڕەشید " سەرۆك کەمار گەیاند، هەروەک سەرۆک کەمار وەزیری ناوبراوی ڕاسپارد سڵاوی بە سەرۆک تەبون بگەیەنێت، سوپاس و پێزانینی خێیشی بە بانگهێشتکردنە دەربڕی.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە سەرۆك کەمار جەختی لە گرنگی بەهێزکردنی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و پەرەپێدانی ڕێگاکانی هاریکاری هاوبەش کردەوە بەتایبەتی لە بواری گازی سروشتی و پێویستی هەماهەنگی و ڕاوێژکردن لەبارەی پرسە گرنگەکانی پێیوەست بە هەردوو گەلی عەراق و جەزائیر، بەشێوەیەک کە بەرژەوەندیە هاوبەشەکان دەستبەربکات و بەشداربێت لە باشترکردنی ئاسایش و

سەقامگیریی ناوچەکە،هەروەها لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەی بە دەزی فەستین و هەوەستی عەراق و جەزائیر کرد لە پشتیوانیکردنی مافەکانی گەلی فەستین و داواکردنی کۆتاییهێنان بەو دوژمنکاری و تاوانانەی دژی فەستینییەکان ئەنجامدەدرێن.

هەر بەگوێرەی بەیاننامەکە سەرەک کۆمار ئاماژەی بە پێویستی هەماهەنگی کرد لە بواری دەزینەوە و دەرهێنانی گازی سروشتیدا، بەتایبەتی دوای داواکارییەکان بە وازهێنان لە بەکارهێنانی نەوت، بایەخی گاز زیاتر بوە،هاوکات جەختیشی لە پێویستی هەماهەنگی نێوان وڵاتانی هەنارد‌کاری گاز کردەوە،بە کۆنترۆڵکردن و ڕەکخستنی بەی بەرهەمهێنان.

لەلایەن خەیەوە وەزیری وزەی جەزائیر پشتیوانی وڵاتەکەی بە عەراق دووپاتکردەوە لە روبەڕوبونەوەی ئاڵنگارییەکان و هەوڵەکانی بە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری. هەروەها ستایشی هەوەستەکانی عەراقی کرد لەپێناو سەقامگیرکردنی بازاڕەکانی نەوت لە جیهاندا، ئەویش لەگەڵی ئەو ڕەگەی لەناو ڕەکخراوی ئۆپیکدا دەیبینێت.